گـۆڤـاری زانـكـۆی ڕاپـەڕیـن
Journal of University of Raparin.
مجلة جامعة رابرين

E-ISSN: 2522 – 7130    P-ISSN: 2410 – 1036
This work is licensed under CC-BY-NC-ND 4.0
DOI: https://doi.org/10.26750/apsvgc16

ڕێـكـەوتـی وەرگـرتـن: 15/08/2025
ڕێكەوتی پەسەندكردن: 06/04/2026
ڕێكەوتی بڵاوكردنەوە: 20/06/2026

# شیکردنەوەی فرەزمانی لە ئاین و ئەفسانەی ڕۆژهەڵاتدا

**شیروان حسین حمد**

Sherwan983@uor.edu.krd

**بەشی کوردی، کۆلێژی پەروەردەی بنەڕەت، زانکۆی ڕاپەڕین، ڕانیە، هەرێمی کوردستان، عێراق.**

**پوختە:**

قۆناغی بیرکردنەوەی ئاینی و ئەفسانەیی کە یەکێکن لە گرنگترین و لە پێشینەترین قۆناغەکانی بیرکردنەوەی مرۆڤ، کە دەقە ئاینی و ئەفسانەییەکان بونەتە وەڵامگۆی زۆرێک لەو پرسیارانەی کە بەمێشکیاندا هاتون. لەنێو ئەو پرسیارانەشدا پرسیاری ئەوەی کە ئەم فرەییەی زمان لە کوێوە سەرچاوەی گرتوە. بۆیە کاتێک شەنوکەوی دەقە ئاینی و ئەفسانەییەکان دەکەین، هەندێک دەق دەدۆزینەوە کە وەڵامدەرەوەی ئەم پرسیارەن. لەبەر گرنگیی پرسیارەکە لە قۆناغی بیرکردنەوەی ئاینیشدا تەنانەت لە دەقە ئاسمانییەکانیشدا وەڵامی ئەو پرسیارە دراوەتەوە.

ئەم توێژینەوەیە دەیەوێت بەدوای ئەوەدا بچێت کە چۆن فرەیی زمان لە دەقە ئاینی و ئەفسانەییەکاندا ڕەنگی داوەتەوە و ئەو نمونانەی کە دەستخراون لێکدانەوەیان بۆ کراوە و ڕیشە و ڕەچەڵەکی دەقە ئاینی و ئەفسانەییەکان دیاریکراون. میتۆدی توێژینەوەکە وەسفیی شیکارییە. کەرەستەی توێژینەوەکەش ئەو دەقە ئاینی و ئەفسانەییانەن کە باسیان لە فرەیی زمان کردوە.

بەشێوەکی گشتیی توێژینەوەکە کراوە بە دو بەشەوە، بەشی یەکەم تیۆرییە و چەمکە سەرەکییەکانی توێژینەوەکەی تێدا ناسێرنراوە، لەوانە فرەیی زمان، هۆکارەکانی فرەزمانی، لێکدانەوەکانی فرەزمانی لە هەریەک لە ڕوانگەکانی ئاین و ئەفسانە و فەلسەفە و زانستەوە، دواتر باس لە ئەفسانە، جۆرەکانی ئەفسانە و گرینگی ئەفسانە وەک سەرچاوەک بۆ وەڵامی پرسیارەکانی مرۆڤ کراوە. بەشی دوەم تایبەتکراوە بە شیکردنەوە و لێکدانەوەی ئەو دەقە ئاینی و ئەفسانەییانەی کە باس لە فرەیی زمان دەکەن. بەوەی کە هەریەک لە دەقەکان چۆن و بە چ تێڕوانینێک ئەم دیاردەیە لێکدەدەنەوە.

**وشە کلیلەکان:** ئاین، ئەفسانە، لێکدانەوەی ئاینی، فرەزمانی، لێکدانەوەی ئەفسانەیی.

# Multilingual Analysis in Eastern Religion and Mythology

Sherwan Hussein Hamad
Department of Kurdish, College of Basic Education, University of Raparin, Ranya, Kurdistan Region, Iraq

## Abstract

Human beings have continuously shown interest in the diversity and wide range of languages. However, this linguistic phenomenon has never been explained properly by humans. Hence, in every intellectual development that the humans have gone through, a question concerning the variety of languages has caught human's attention and seek to get an answer for it. From the early stages of cognitive development, religious and mythological practices, as some of the earliest periods of human cognitive development, have historically addressed a wide range of existential and philosophical questions. Among these is the origin of linguistic diversity, which pointed as a subject that has caught in the human's interest. Therefore, for instance the analysis of sacred texts and mythological narratives show that many traditions have offered explanations for this phenomenon of linguistic. According to our findings, we can understand the fact that these explanations which appear in foundational religious writing books points out how important this question was even for the early stages of human beings. Moreover, this research attempts to study how linguistic diversity is shown in religious and mythological texts. We have analyzed the examples we have collected so far, as well as the origins of these religious and mythological texts we have collected are identified. The research methodology uses a descriptive-analytical, and the research materials consist of religious and mythological texts that discuss the phenomenon of this linguistic diversity. The research is divided into two parts, the first part lays out the theoretical, and introducing the key concepts of the study, including linguistic diversity, its reasons, and interpretations of linguistic diversity from religious, mythological, philosophical, and scientific viewpoints. It then discusses mythology, types of mythology, and the importance of mythology as a source for answering human questions. The second part is dedicated to analyzing and interpreting religious and mythological texts that address linguistic diversity, examining how each text interprets this phenomenon through different perspectives.

**Keywords:** Religion, Mythology, Religious Interpretation, Linguistic Diversity, Mythological Interpretation.

**پێشەکی:**

**٠-١: ناونیشان و بواری توێژینەوە:** ئەم توێژینەوەیە بە ناونیشانی (شیکردنەوەی فرەزمانی لە ئاین و ئەفسانەی ڕۆژهەڵاتدا) دەچێتە بواری زمانەوانیی کارەکی و لەنێو ئەو بوارەکانی زمانەوانی کارەکیشدا سەر بە لقی زمانەوانیی ئاینییە، بەتایبەت پرسی لێکدانەوە جۆراوجۆرەکانی فرەزمانی لەڕوانگەی ئاین و ئەفسانەوە.

**٠-٢: میتۆدی توێژینەوە:** ئەم توێژینەوەیە بەپێی میتۆدی وەسفیی شیکاری ئەنجامدراوە.

**٠-٣: سنور و کەرەستەی توێژینەوە:** سنوری توێژینەوەکە لە چوارچێوەی هەندێك دەقی ئەفسانەیی و ئاینی ڕۆژهەڵاتە. مەبەستیش لە ئاینەکانی ڕۆژهەڵات ئەو سێ ئاینە ئاسمانییەن کە لەڕۆژهەڵات هاتونەتەخوارەوە، ئەوانیش (جولەکە، مەسیحی، ئیسلام)ن، ئەفسانەکانیش هەر ئەو ناوچەیە دەگرێتەوە. کەرەستەی توێژینەوەکە چەند دەقێکی ئاینی و ئەفسانەییە، کە تێیاندا پرسی فرەزمانی باسکراوە.

**٠-٤: ئامانجی توێژینەوە:** ئەم توێژینەوەیە ئامانجیەتی لێکدانەوە جۆراوجۆرەکانی فرەزمانی لە ڕوانگەی کایەکانی دەرەوەی زمانناسی زمان لێکبداتەوە کە ئەویش ئاین و ئەفسانەیە. ئامانجێکی تری ئەوەیە کە دیاردەیەی فرەزمانی لەڕۆژهەڵات لەسەر بنەمایەکی زانستی لە هەردو ڕوانگەی ئاین و ئەفسانەوە بەپشت بەست بە چەند دەقێك لێکبداتەوە.

**٠-٥: گرفتی توێژینەوە:** ئەم توێژینەوەیە بەدوای ئەو گرفتەدا دەچێت، کە لەڕۆژهەڵاتدا ئاین و ئەفسانەکان قۆناغێکی گرنگ و پانتاییەکی فراوانیان لە بیرکردنەوە و دونیابینی مرۆڤدا داگیرکردوە و پرس و مەسەلەی زۆریان وروژاندوە و وەڵامیان بۆ زۆر پرسیار هەبوە، بۆ ئەم مەبەستەش لە گۆشەنیگای جیاوازەوە لە فرەزمانییان ڕوانیوە. ئەم توێژینەوەیە دەیەوێت گرفتی ئەو تێڕوانینە جیاوازانە و ئەو هاوبەشیەش پیشانبدات کە لەو بارەیەوە هەن.

**٠-٦: گرنگیی توێژینەوە:** مرۆڤ لە مێژە سەرنجی لە فرەیی زمان داوە، بەڵام هۆکارەکانی پشت ئەم دیاردە زمانییەی بەتەواوی پێ لێکنەدراوەتەوە، بۆیە لە هەریەکێک لە قۆناغەکانی بیرکردنەوەی مرۆڤدا بەدوای وەڵامی ئەو پرسیارەدا گەڕاوە کە بۆچی زمانەکان فرەن؟! گرنگیی ئەم توێژینەوەیە لەوەدایە کە دەیەوێت پرسێکی زمانی کە لەنێو گەلانی جیهان بەگشتی و لەنێو گەلانی ڕۆژهەڵاتیشیدا بەشێوەیەکی بەرچاو دەبینرێت، بە کەرەستەیەکی دەرەوەی زمانناسی لێکبداتەوە، کە ئەویش ئاین و ئەفسانەیە. هەرئەمەش دەبێتە هەوێنی زمانەوانیی کارەکی. هەروەها ئەم توێژینەوەیە گرنگە بۆ ئەوەی بزانین تێڕوانینی تاکی ڕۆژهەڵاتی بۆ فرەزمانی لە کوێوە سەرچاوەی گرتوە. بونی میللەت و ئاینی جیاواز لە جوگرافیایەکی دیاریکراودا بێشکە فرەزمانی بەدوای خۆیدا دەهێنی، بەڵام گرنگە بزانین ئەم فرەییە چۆن لێکدراوەتەوە.

**٠-٧: پرسیاری توێژینەوە:** ئەم توێژینەوەیە دەیەوێت وەڵامی ئەم پرسیارانە بداتەوە:

١- ئاین و ئەفسانەکانی ڕۆژهەڵات چۆن فرەزمانی لێکدەدنەوە؟ ئایا پەیوەندی و کاریگەریی هەیە لەنێوانیاندا بۆ لێکدانەوەی ئەم پرسە؟

٢- ئایا لێکدانەوە جیاوازەکانی ئاین و ئەفسانەکان لە کوێوە سەرچاوەیان گرتوە؟ هەروەها ئەو لێکدانەوانە چەندە لەگەڵ زانستی زمان یەکانگیر و تەبان، یان ناکۆک و دژن؟

**٠-٨: پێکهاتەی توێژینەوە:** توێژینەوەکە کراوە بە دو بەشەوە بەشی یەکەم تیۆرییە و چەمکە سەرەکییەکانی توێژینەوەکەی تێدا ناسێنراوە لەوانە فرەزمانی، هۆکارەکانی فرەزمانی، لێکدانەوەکانی فرەزمانی لە هەریەک لە ڕوانگەکانی ئاین و ئەفسانە و فەلسەفە و زانستەوە، دواتر باس لە ئەفسانە، جۆرەکانی ئەفسانە و گرینگی ئەفسانە وەک سەرچاوەیەک بۆ وەڵامی پرسیارەکانی مرۆڤ کراوە. بەشی دوەم تایبەتکراوە بە شیکردنەوە و لێکدانەوەی ئەو دەقە ئاینی

و ئەفسانەییانەی کە باس لە فرەزمانی دەکەن. بەوەی کە هەریەک لە دەقەکان چۆن و بە چ تێڕوانینێک ئەم دیاردەیە لێکدەدەنەوە.

## بەشی یەکەم: ناساندنی چەمکە سەرەکییەکانی توێژینەوە

لەم بەشەدا هەوڵدەدەین ئەو چەمکانە بناسێنین کە لەم توێژینەوەیەدا لەڕوی تیۆرییەوە دەبنە گۆڕاوێکی سەرەکی ناساندنەکەشیان پەیوەست دەبێت بە چوارچێوەی توێژینەوەکە، چونکە هەریەک لەم چەمکانە دەشێ لە گۆشەنیگای جیاوازەوە پەسنبکرێن.

### ١-١ فرەزمانی

لەم توێژینەوەیەدا مەبەست لە فرەزمانی وەک لە زاراوەکەیدا دیارە (هەمەجۆری و هەمەچەشنی) زمان لەخۆدەگرێت، (عەبدولڕەحمان 2023, 15) لە هەمبەر زمانەکان خۆیاندا نەوەک لەناو یەک زمان خۆیدا. کەواتە ئێمە لەبەردەم دو جۆری فرەزمانیداین یەکەمیان ئەوانەن کە بەپێی چینەکانی کۆمەڵگە زمانەکان یان دروستتر بڵێین شێوە زمانییەکانن و گۆڕاون. وەک دەوترێت (لە هەمو کۆمەڵگەیەکی زمانی فرەزمانییەکی گەورە بەدیدەکرێت و گوتنی ئەندامانی کۆمەڵگەکە بەپێی شوێنی جوگرافی و تەمەن و کارو چینی کۆمەڵایەتی دەگۆڕێ، ئەو گۆڕانکارییەش ڕەنگدانەوەی دەبێت لەسەر هەڵوێستی کۆمەڵایەتی کە لە سنوری زمان بەدەرە.) (سەعید 2011, 243) ئەمە لەناو یەک زماندا خۆی دەنوێنێت و پێیاندەوترێت شێوەئاخاوتن. کە دەشێ بۆ هۆکاری کۆمەڵایەتی و هۆکارەکانی دەربڕین و بابەت و کەرەستەی قسەلەسەرکراو ... بگەڕێتەوە.

جۆری دوەمی فرەزمانی ئەو هەمەچەشنەیی و هەمەجۆرییەی زمانە لە هەمبەر زمانەکان لەگەڵ یەکتریدا بەجۆرێک بریتییە (لەو جیاوازییانەی کە لەنێوان قسەپێکەرانی هەر زمانێکدا هەن و تەنانەت ئەو جیاوازییانە زمانەکانی جیهانیشی لەسەر پۆلێنکراوە.) (ش. ح. خۆشناو 2020, 89)،کەواتە ئەم جیاوازییانە بونەتە هۆی دروستبونی فرەیی زمانەکان. کەواتە ئەوەی کە نکۆڵی لێناکرێت و بەڵگەی نەگەرەکە ئەوەیە، کە ئەمرۆ لەسەر گۆی زەویدا هەزاران زمان هەن، وەک ئەوەی دەگوترێت (٦٧٨٤) زمان لە سەرتاسەری دونیادا قسەی پێدەکرێت و داتای ٦٠٥٩ زمان بەردەستە. ئەم ژمارانە دەگەڕێتەوە بۆ ساڵی ١٩٩٩ کە لەلایەن ئەنتۆلۆنگ بڵاوکراوەتەوە. (کریستال 1401, 26)، بەپێی داتای ڕێکخراوی Ethnologue بۆ ساڵی 2026 ژمارەی زمانەکان لە جیهاندا (7100) بۆ (7200) زمان دەبێت.کەمی و زۆری ژمارەکان هیچ لەوە ناگۆڕێت کە بونی ئەو هەمو زمانە بەڵگەی حاشاهەڵنەگری بونی فرەیی زمانییە لای مرۆڤەکان. کەواتە فرەزمانی مەبەست لێی هەمو ئەو شێوە و فۆڕمە جیاوازانەی زمانن، کە لە نێوان مرۆڤەکاندا بەکاردەهێنرێن. هەندێکجار جیاوازییەکان دەگەنە ئاستی ئەوەی کە قسەپێکەران لە نێوان خۆیاندا لەیەکتری تێنەگەن و دو زمان دروست بن، هەندێجاریش جیاوازییەکان لە چوارچێوەی زار و شێوەزار و بچوکتریشدا خۆیان دەبیننەوە تا دەگەنە زاری تاکەکەسی.

### ٢-١ هۆکارەکانی فرەزمانی

لەپشت بونی ئەو هەمو ژمارە زۆرەی زمان لە جیهاندا و بونی ئەو هەمو زار و شێوەزارە لە ناو هەر زمانێکدا لە توێژینەوە زمانناسییەکاندا هۆکارگەلێک دیاریکراون، ئێمەش هەوڵدەدەین بەکورتی ئاماژە بەو هۆکارانە بدەین:

**١-٢-١: هۆکاری کۆمەڵایەتی:** مەبەست لە هۆکاری کۆمەڵایەتی بونی چینی کۆمەڵایەتییە لەناو هەر زمانێکدا واتە بونی هەر چینێکی کۆمەڵایەتی هۆکارە بۆ بونی جۆرێک لە زمان یان شێوەیەکی زمانی تایبەت. بەجۆرێک کە گۆڕاوە کۆمەڵایەتییەکان دەتوانن لە ئاستە جیاوازەکانی زماندا کاریگەریی بەجێبهێڵن، لەوانە ئاستی فەرهەنگ، ڕێزمان، نەنانەت

سیمانتیک و پراگماتیکیش. (محمودزاده 1383, 10)، هەندێکجاریش ئەم جیاوازییانە هێندە زۆردەبن کە دو شێوەکەی زمان دەکات بە دو زمانی سەربەخۆ.

**١-٢-٢: تەمەن:** تەمەن یەکێکی ترە لەو گۆڕاوانەی کە کاریگەری لەسەر فرەزمانی دەبێت، بەجۆرێک گروپە جیاوازەکان لە ڕوی تەمەنەوە خاوەنی جۆرێکی تایبەتی زمانین، چونکە بەپێی تەمەن پێکهاتەی فەرهەنگی و دارشتەیی زمانی گۆڕانی بەسەردادێت. ئەمە لە قسەکردن و تەنانەت نوسینیشدا ڕەنگدەداتەوە. بەجۆرێک دەوترێت کە هەرە پیرەکان وەک هەرە گەنجەکان قسە ناکەن (فتاح 2011، 107)، بەڵام دەبێت ئەوە بزانین کە ئەم جیاوازیی قسەکردنە نابێتە هۆی ئەوەی کە لەیەکتری تێنەگەن.

**١-٢-٣: پیشە:** هەمو پیشە و کارێک لەناو کۆمەڵگەدا خاوەنی وشە و زاراوەی تایبەتی بە خۆیەتی، ئەمە جگە لەوەی کە هەر ئەم جیاوازیی فەرهەنگییە بەپێی پیشەکان، بۆ فرەزمانی سەر دەکێشێت، بۆیە هەندێکجار کە گوێ لە خاوەن پیشە تایبەتەکان دەگرین بە تەواوی لە گفتوگۆکانیان تێناگەین، چونکە وشە و دەستەواژەی تایبەت بە خۆیان بەکاردەهێنن. ئەمەش دەبێتە هۆی ئەوەی کە زمانی ئاخاوتن و زاراوە تایبەتەکانی هەر گروپێکی پیشەیی لە کومەڵگەیەکی زمانیدا بەشێوەیەکی ئاسایی بۆ ئەندامەکانی پیشە جیاوازەکانی تری ئەو کۆمەڵگە زمانییە بەنامۆ دێتە پێش چاو و لەلایەن ناپسپۆڕەکانەوە بەکارنایەن. (عارف 2012، 103). ئەم جۆراوجۆرییەش بەزۆری لە چوارچێوەی یەک زماندا دەبینرێت.

**١-٢-٤: ڕەگەز:** گۆڕاوی ڕەگەز بە یەکێک لە هۆکارەکانی جۆراوجۆری زمانی دانراوە. لە توێژینەوە زمانەوانییەکاندا دەرکەوتوە کە لە زۆرێک لە کۆمەڵگا زمانییەکاندا قسەی ژن و پیاو جیاوازە، بەڵام جیاوازییەکان هەندێک بار کورت و کەمن، تەنها شارەزایانی زمان هەستی پێدەکەن، بەڵام هەندێ جار لە ئاستی فەرهەنگیدایە. بەوەی کە هەندێ وشە و دەستەواژە تایبەتن بە پیاوان و هەندێکیان تایبەتن بە ژنان. لەهەندێک زمانیشدا جیاوازییەکە هێندە زۆرە کە ژنان و پیاوان وشەی جیاواز، گۆکردنی جیاواز، پێکهاتەی ڕێزمانی جیاواز بەکاردەهێنن، بەنمونە لە زمانی ژاپۆنیدا وشەی جیاواز بۆ ژن و پیاو هەیە. (تراسک 1380، 120)، بۆیە ئەم جیاوازییە زمانییە لە زمانێکەوە بۆ زمانێکی تر جیاوازە.

ئەمانە هەمویان هۆکاری جۆراوجۆریی زمانیین لەناو یەک زماندا واتە دەبنە هۆی شێوازی جیاواز لە کۆمەڵگەیەکدا (حمەغەریب و سەعید 2017، 251-256)، بەمپێیە ئەم دیاردەیە لەناو هەر زمانێکدا دەبێتە دیاردەیەکی سروستی، بەڵام هەمەچەشنەیی و جۆراوجۆرییەکە لەناو هەمو زمانەکاندا وەکیەک هەستی پێناکرێت، یان دەشێ لە هەر کۆمەڵگایەکدا یەکێک لە هۆکارەکان زاڵتر و دەرکەوتوتر بێت.

**١-٢-٥: جوگرافیا:** گۆڕاوی جوگرافیا و دیاردە سروشتییەکان کاریگەرییان لەسەر فرەزمانی هەیە. بەجۆرێك تۆبۆگرافیا کاریگەری لەسەر زمان دەبێت. لەوانە ڕوبار و شاخ و دەریا و زەریاکان وادەکەن کە هەندێ گۆڕانی زمانی ڕوبدەن. مادام فرەزمانی، بەشێکە لە سیماکانی جیهانەکەمان، کەواتا پێویستمان بە جوگرافیایە بۆ پیشاندانی ئەو جیاوازیە. پێویستمان بە جوگرافیایە بۆ دەستنیشانکردنی شوێنی زمانە خۆجێییەکان و زانینی ئەو هۆکارە جوگرافییانەی کە بونەتە هۆکاری فرەزمانی. هەربۆیە لە کۆتایی سەدەی نۆزدە و سەرەتای سەدەی بیستەم ژینگەیەکی لەبار بو بۆ سەرهەڵدانی ڕەوتێکی نوێ زانستی لە زمانەوانی نوێدا ئەمەش هەلومەرجی هاتنە پێشەوە و ئەفراندنی زانستێکی نوێ لێکەوتەوە کە بە (زمانناسیی جوگرافی) یاخود (زانستی جوگرافیای زمانناسی). لە زمانناسی جوگرافییدا؛ لە ڕوانگەی جوگرافیاوە لە زمان دەکۆڵرێتەوە، لە زانستی جوگرافیای زماندا لە ڕوانگەی زمانەوە لە جوگرافیا دەکۆڵرێتەوە) .(رشيد عبدالرحمن العبيدي، 2002، 33) بەم پێیە دیاردە جوگرافییەکان دەبنە هۆی فرەزمانی و زمانناسیی جوگرافیش ئەم دیاردەیە لێکدەداتەوە.

### ١-٣: لێکدانەوەکانی فرەیی زمان

مرۆڤ هەر لە دێرزەمانەوە پەی بەو هەمو زمانەی دەوروبەری بردوە، دواتر درکی بەوە کردوە لەناو هەر زمانێکیشدا شێوەی جیاجیا هەن، ئەمە بۆتە پرسیارێک لای ئاخۆ ئەو هەمو زمان و شێوە ئاخاوتنە جیاوازانە لە کوێوە سەرچاوەیان گرتوە و بۆچی ئەو هەمو زمانە جیاوازانە هەن. ئەم پرسیارە بۆتە هۆی ئەوەی کە هەمیشە بەدوای وەڵامێکدا بگەڕێت. بۆ ئەو مەبەستەش لە ئاین و ئەفسانە و زانستیش هەوڵی وەڵامدانەوەی داوەتەوە، بۆیە ئێمەش هەوڵدەدەین هەریەک لە لێکدانەوە جۆراوجۆرەکانی زمان بە جیا بدوێین:

### ١-٣-١: ئاین و لێکدانەوەی فرەیی زمان:

یەکێک لەسەرچاوەکانی وەڵامدانەوەی پرسیارەکان ئاینە، بۆیە دەشێت بڵێین قۆناغێکی گرنگی بیرکردنەوەی مرۆڤ، بیرکردنەوەی ئاینییە، هەر بۆیەش بۆ وەڵامی هەر پرسیارێک کە لای دروست بوبێت، گەڕاوەتەوە ناو دەقە ئاینییەکان. لەم بارەیەوە ئێمەش نمونەی چەند ئاینێک لەهەمبەر ئەو بابەتە دەهێنینەوە. بۆ نمونە لە ئاینی ئیسلامدا خوای گەورە بە ئایەتێک لە قورئانی پیرۆز وەڵامی ئەو پرسیارەی داوەتەوە و دەفەرموێت: وَمِنْ آيَاتِهِ خَلْقُ السَّمَاوَاتِ وَالْأَرْضِ وَاخْتِلَافُ أَلْسِنَتِكُمْ وَأَلْوَانِكُمْ ۚ إِنَّ فِي ذَٰلِكَ لَآيَاتٍ لِّلْعَالِمِينَ (القران الكريم: سورة الروم: 22)، واتە: (یەکێکی تر لە بەڵگە و نیشانەکانی دروستکردنی ئاسمانەکان و زەویی و جیاوازی زمان و ڕەنگتانە، بەڕاستی ئا لەوە دیاردەیەشدا بەڵگە و نیشانەی زۆر هەن بۆ زانایان و شارەزایان)(تەفسیری ڕامان)، ئەم ئایەتە بەڕونی باس لەوە دەکات کە جیاوازیی زمان و ڕەنگ یەکێکە لەبەڵگەو نیشانەکانی خوای گەورە بۆ زانایان و شارەزایان. کەواتە لەم ڕوانگەیەوە فرەزمانی دیاردەیەکی خواکردەو وەک چۆن زەوی و ئاسمانەکانی داهێناوە جیاوازیی زمانیشی دروستکردوە.

لە ئاینی مەسیحییشدا لە کتێبی ئینجیل لە (سیفری پەیدابون، دەروازی ١١) بە چیرۆکێک وەڵامی ئەو پرسیارە دەداتەوە کە پێشتر هەمو مرۆڤەکان بەیەک زمان دەدوان، بەڵام کاتێک بڕیاریان دا بورجێک دروستبکەن تاوەکو بگەنە لای خودا، خوای گەورە زمانی گۆڕین و پەرتەوازەی کردن. (کتێبی پیرۆز (کوردی سۆرانی ستاندەر) 2017، 12). ئەم کارە بۆ ڕێگریی بوە لە خۆبەزلزانین و یەکبونی نادروستی مرۆڤ. کەواتە لەم ڕوانگەیەشەوە فرەزمانی سزایەکی خوای گەورەیە بۆ مرۆڤایەتی.

لە ئاینی جوشدا چیرۆکی "بورجی بابل" هاتوە، وەڵامی ئەو پرسیارەی داوەتەوە کە لای جوەکان وەک نیشانەیەک بۆ خواستی خودای بۆ پەرتەوازەکردنی مرۆڤ و فرە کلتوری و زمانی لێکدەدرێتەوە، لەم ئاینەشدا جەخت لەسەر ئەوە دەکرێتەوە کە ئەم جۆراوجۆرییە بەشێکە لە بەرنامەی خوای گەورە بۆ ئاوەدانکردنەوەی زەوی. کەواتە لێرەدا وەک سزایەک نابینرێت، بەڵکو وەک هۆکارێک بۆ ئاوەدانکردنەوەی زەوی دەبینرێت. (تورات کامل: پیدایش، مساقی, تعلیق و ویرایش سید ابوالفضل)، بەم پێیە هەریەک لە ئاینەکانی تریش کەم تا زۆر وەڵامی ئەوە پرسیارەیان داوەتەوە، کە چۆن ئەو فرەییەی زمان دروست بوە. بەڵام ئێمە لەبەر کورتی مەودای توێژینەوەکە تەنها ئاماژە بەو سێ ئاینە سەرەکییە دەدەین.

### ١-٣-٢: ئەفسانە و لێکدانەوەی فرەزمانی:

ئەفسانە یەکێکە لە قۆناغە گرنگەکانی بیرکردنەوەی مرۆڤ، بۆیە مرۆڤ بۆ وەڵامی ئەو پرسیارانەی کە هەیبوە لە ڕوانگەی بیرکردنەوەیەکی ئەفسانەییەوە وەڵامی داوەتەوە، یان هەمو ئەو دیاردانەی کە لەدەوروبەری هەبون لێکدانەوەیەکی ئەفسانەیی بۆ کردون. وەک چۆن ئەمڕۆ زانست ئەم ئەرکە جێبەجێدەکات (هەریەک لە ئەفسانە و زانست بەڕێگەی خۆیان وەڵامدەرەوەی داوای (سیستەم)ن، واتە وەڵامدەرەوەی داوای مرۆڤن بەوەی لە چوارچێوەی جیهانێکی ڕێکوپێک

و ڕوندا بژی، هەروەها زاڵبون بەسەر ئەو شپرزەییە دەرەکییەی کە هۆش لە یەکەمین ڕوبەڕوبونەوەی لەگەڵ سروشتدا دەیبینێت.) (ئەلسەواح 2022، 40). بۆیە پرس و مەسەلەکان لەڕێگەی ئەفسانەوە قسەیان لەسەر کراوە.

ئەوەی پەیوەندیی بەم توێژینەوەیەوە هەیە پرس یان مەسەلەی فرەزمانییە وەک هەمو پرس و مەسەلەکانی تر لە ناو ئەفسانەکان و لە قۆناغی بیرکردنەوەی ئەفسانەییدا لایی لێکراوەتەوە و قسەی لەسەر کراوە، چونکە پرسێک بوە کە دەغدەغەی مێشکی مرۆڤی داوە، بۆیە کاتێک شەنوکەوی ئەفسانەکان دەکەین چەندین لێکدانەوەی جیاجیا لەم بارەیەوە دەبینین.

### ١-٣-٣: زمانناسی و لێکدانەوەی فرەزمانی:

زانستیش یەکێکە لە قۆناغەکانی بیرکردنەوە بۆ وەڵامدانەوەی پرسیارەکانی مرۆڤ. ئەوەی کە وەڵامە زانستییەکان لە وەڵامە ئەفسانەیی و ئاینییەکان جیادەکاتەوە ئەوەیە کە وەڵامی زانستیی هەمیشە پشتبەستوە بە تاقیکردنەوە و توێژینەوە، بەشێوەکی گشتی بەرئەنجامی تاقیکردنەوەکان و لێکۆڵینەوەکان دەبنە وەڵامی ئەم پرس و مەسەلانە. بەو پێیەی کە (زمانناسی واتە لێکۆڵینەوەی زانستیانەی زمانی سروشتیی مرۆڤ، ئەم زانستە پەیوەستە بە چییەتی زمان و پەیوەندیکردن) (اکمجیان، وآخرون 1382، 4)، بۆیە لە هەمبەر ئەو پرسەش زمانناسی دەبێت وەڵامێکی زانستیانەی بۆ ئەمە مەسەلەیە هەبێت، بەڵام ئەوەی زمانناسی جیادەکاتەوە ئەوەیە کە بەپێی لقە جیاجیاکانی زمانناسی وەڵامی جیاوازی ئەم پرسەمان دەستدەکەوێت.

بەشێوەیەکی گشتیی پرسی فرەزمانی و بونی زار و شێوەزار و گۆڤەری جیاجیا دراوەتە پاڵ زمانناسیی کۆمەڵایەتی کە (توێژینەوەی زمانە پەیوەست بە هۆکارە کۆمەڵایەتییەکانی وەکو چینی کۆمەڵایەتی، ئاستی خوێندن، تەمەن، ڕەگەز، نەتەوە.) (محمودزادە 1396، 68)، بۆیە جۆراوجۆرییەکە دەبەستێتەوە بە بونی ئەو هۆکار و چینە کۆمەڵایەتییانە، واتە بونی ئەم جۆراوجۆرییە بەرئەنجامی بونی چینی کۆمەڵایەتی و دیاردە کۆمەڵایەتییەکانە. چونکە وا لێکدانەوەی بۆ دەکەن کە هەر چینە خاوەن زمان و تایبەتمەندی زمانی خۆیەتی.

هەرچی زمانناسی مێژوییە ئەم پرسە دەبەستێتەوە بەو گۆڕان و جۆراوجۆرییانەی کە بە تێپەڕبونی کات لە زماندا ڕویانداوە. (نغزگوی کهن 1394، 39) ئەم لقەی زمانناسی لەو گۆشەیەوە دەڕوانێتە ئەم پرسە کە زمانەکان بەپێی گۆڕانکارییەکان گۆڕاون و بونەتە زمان و شێوەی تر، بەجۆرێک هەریەک لەو زمانانەی کە ئێستا هەن، دەشێت لە پێشتر نەبوبن یان سەر بەزمانێکی تر بوبن. وەک ئەوەی کە دەوترێت زمانە هیندۆ ئێرانییەکان هەموویان یەک زمان بونە و ئەمڕۆ بونەتە دەیان زمانی سەربەخۆ (نغزگوی کهن 1394، 378). کەواتە ئەوەی کە ئێمە ئەمڕۆ دەیبینین پێشتر بەو شێوەیە نەبوە (زمان بە چەند قۆناغێکدا تێپەڕبوە پێش ئەوەی بگات ئەو گەشەیەی ئێستەی.) (فتاح 2011، 18)، بەم پێیە زمانناسی مێژویی فرەزمانی بە بەرئەنجامی ئەو گۆڕانکارییانە دەزانێت کە بەسەر زمان هاتون.

هەرچی زمانەوانی مەعریفییە، کە (ڕێبازێکە بۆ لێکۆڵینەوەی زمان کە تێیدا توانای زمانی مرۆڤ جیاواز لە تواناکانی تر مەعریفی مرۆڤ لەبەرچاوناگرێت، لە ڕاستیدا، زمانەوانی مەعریفی تێڕوانینێکی جیاوازە بۆ زمان کە لەسەر بنەمای سەرنج و ئەزمونەکانی مرۆڤ بۆ جیهان دەوروبەری.) (عبدالکریمی 1400، 104)، بەو پێیەی تێڕوانین و ئەزمونەکانی مرۆڤ جیاوازن، بۆیە زمانیش جیاواز دەبێت. لەم ڕوانگەیەوە فرەزمانی وابەستەی ئەزمون و تێڕوانینەکانی مرۆڤ خۆی دەبێت.

بەم جۆرە هەریەک لە لق و بۆچونەکانی زمانناسی لێکدانەوەی جیاواز بۆ مەسەلەی فرەزمانی دەکەن. ئەوەی کە لای زۆربەی بۆچونەکان هاوبەشە، بونی فرەزمانییە، وەک دیاردەیەکی زمانی لەناو زمانی هەمو مرۆڤەکان و بەجۆرێک جیاوازییەکان وردەکەنەوە، کە هەمو تاکێک لە هەر کۆمەڵگایەکدا خاوەنی شێوەیەکی تایبەتی زمانییە، کە بە دیالێکتی

تاکەکەسی ناسراوە بەوە دەناسێندرێت کە (شێوەی تاکەکەسی هەر قسەکەرێکە لە زمانێکی دیاریکراودا، لەم جۆرە دیالێکتەدا تایبەتمەندی شێوەکان و دیالێکتە ناوخۆیی و کۆمەڵایەتییەکان تێکەڵ بە ئاخاوتنی هەر تاکێک دەبێت. هۆکاری تری وەک چۆنیەتی دەربڕینی دەنگەکان، بەکارهێنانی زمانی جەستەیی بەشێکن لە دیالێکتی تاکەکەسی، بەڵام بەزۆری هۆکارە کۆمەڵایەتییەکان دەستنیشانکەری بنەڕەتین بۆ دیالێکتی هەر تاکێک.) (یول 1388، 284)، بۆیە کاتێک بەدوای جۆراوجۆریدا دەچین زانستی زمان ئەمە زۆر ورد دەکاتەوە تاکو دەگاتە ئاستی تاکەکەسی.

**١-٤: ئەفسانە**

ئەوەی کە لەم تەوەرەیەدا هەڵوەستەی لەسەر دەکەین چەمک و زاراوەی ئەفسانەیە. لەبارەی زاراوەکەوە لێکدانەوە و تێڕوانینی جیاواز هەیە. بەوەی کە کۆنترین ڕیشەی ئەم وشەیە دەگێڕنەوە بۆ گریکییەکان و پێیانوایە وشەکە لەسەردەمی یۆنانییەکاندا بە فۆرمی (myth) یان (mythos) بەکارهاتوە، کە ئەم وشەیە بە واتای (قسەی گوتراو) دێت، بەڵام هەمو ئەو قسانە ناگرێتەوە کە لەدەم دەردەچن بەڵکو ئەو قسانە دەگرێتەوە کە گوزارشتن لە سەربوردەی خواوەندەکان. (عبدالرحمن 2013، 18)، بەم پێیە هەر لەسەرەتاوە بەکارهێنانی زاراوەکە بۆ قسەی ئاسایی نەبوە، بەڵکو بۆ ئەو بابەت و گێڕانەوانە بوە کە پەیوەست بون بە خوداوەندەکانەوە.

لێکدانەوەیەکی تر ڕیشەی وشەی ئەفسانە بۆ (muthas) دەگێڕێتەوە کە وشەکە گریکییە و بە واتای چیرۆک یان گێڕانەوە دێت. لە زمانە ئەوروپاییەکانی وەکو ئینگلیزی و فەرەنسیش وشەی ئەفسانە بۆ هەمان وشە دەگێڕنەوە. هەر لەو بارەیەوە دەگوترێت "ئەفلاتون" یەکەم کەس بوە کە ئەم زاراوەی بە شێوەی (muthologia) بۆ ئاماژەکردن بە هونەرەکانی گێڕانەوەی ئەو چیرۆکە خەیاڵیانەی کە ئەمڕۆ بە ئەفسانە ناوزەدکراون. (احمد 2024، 23)کەواتە کۆی واتاکانی وشەی ئەفسانە بەدەوری ئەوەدا دەخولێنەوە کە قسەی گوتراون بەشێوەی گێڕانەوە لەبارەی خوداوەند و ڕوداوە دەرئاساکان.

لەهەمبەر چەمکی ئەفسانەشەوە لەڕوانگە و گۆشەنیگای جیاجیاوە چەمکی ئەفسانە خراوەتەڕو، ئەوەی کە دەوترێت (ئەفسانە بریتییە لە هێنانی سیستم بۆ ناسیستم، هەروەها خستنەڕوی وەڵامی پرسیارە قوتبوەکان. ئەو کەرەستەیەیە ڕێنوێنی و ڕێنمایمان لە ژیاندا دەداتێ، هەروەها پێوەری مۆراڵی لە ڕەفتاردا. ئەفسانە کۆکەرەوەی ژیانی هزری و ڕۆحییە بۆ مرۆڤی کۆن.) (السواح 2021، 24-25) ئەوەی لێرەدا گرنگە و پەیوەستە بە توێژینەوەکەمان کە فرەزمانییە، لە خودی خۆیدا دیاردەیەکی سیستەماتیکییە، ئەم دیاردەیە چ ئەفسانە لێکدانەوەی بۆ بکات یان زانست و یان ئاین دیاردەیەکی هەڕەمەکی لەخۆوە نییە. وەک دەگوترێت ئەم دیاردەیە هەمیشە جێگەی پرسیار بوە و یەکێک بوە لە پرسیارە قوتبوەوەکان، بۆیە ئەم پرسیارەش لەڕێگەی ئەفسانەوە وەڵامدراوەتەوە. پرسیارەکانیش ڕێنمایمان دەدەنێ لەهەمبەر ئەوەی کە ئێمە چۆن لەوەها دیاردەیەک بڕوانین، هەر لێرەشەوە دەتوانین ژیانی و دونیابینی و لایەنی ڕۆحی وەڵامدەرەوەی پرسیارەکان کە مرۆڤی کۆنن ببینین.

هەرچەندە وەک ناساندن ئەفسانە بە بابەتێکی ئاڵۆز و سرک باسی لێوەکراوە و چەندین پێناسەی جۆراوجۆر و ئاراستە جیاوازی بۆکراوە. بڕوانە: (احمد 2024، 23-39) (ئیسماعیل و سەعید 2023، 181-183) هەندێکجاریش بە بابەتێکی پێناسەنەکراو لەقەڵەم دراوە. بەڵام (احمد٢٠٢٤) دوای خستنەڕو و پێداچونەوەیەکی ورد بۆ هەمو ئەو پێناسانەی کە تاکو ئێستا بۆ ئەفسانە کراون، لەبەرئەنجامی شیکردنەوە و هەڵێنجانی هەمو پێناسەکان بەم شێوەیە پێناسەی ئەفسانە دەکات: (ژانەرێکی ئەدەبی سەربەخۆیە و بە زمانێکی ڕەمزی و بە شێوازێکی هونەری لە قاڵبێکی شیعریدا داڕێژراوە و خەیاڵ ڕۆڵێکی گرنگ دەگێڕێت لە بنیادنانیدا، کە بەشێکی زۆر لە کلتور و مێژو و شارستانییەت و دابونەریتی مرۆڤی قۆناغە

سەرەتاییەکانی سەردەمی فرەخواوەندی پاراستوە و دەربارەی ڕوداو و بەسەرهات و مێژو و بیروباوەڕ و پیرۆزییەکانی ئەو قۆناغە دەدوێت و پاڵەوانەکانی خوداوەند و نیوەخواوەندەکانن و لەو کار و کردەوانەی خواوەندەکان دەدوێت کە باسی چۆنیەتی بەدیهاتنی گەردون و مرۆڤ و بونەوەر و شتەکان دەکات و پەردە لەسەر چۆنیەتی ڕودانی دیاردە سروشتییەکانی و نهێنی قۆناغە سەرەتاییەکان هەڵدەداتەوە و بەرهەمی خەیاڵی بەکۆمەڵە و نوسەرەکەی دیارنییە و خاوەنەکەی کۆمەڵگەیە.) (احمد 2024، 39)، بۆیە ئەو نهێنییانەی کە زانست باسی نەکردون یان ئاین ئاشکرای نەکردون ئەفسانە ئاشکرای کردون. ئەم پرسەی توێژینەوەکەشمان یەکێکە لەو نهێنیانە. ئێمەش لێرەدا هەڵوەستەی زیاتر لەسەر چەمک و زاراوەی ئەفسانە ناکەین، لەبەرئەوەی کارە ئاماژەپێدراوەکانی پێش ئێمە وردتر لەسەر ئەم بابەتە دواون و دەفەتیش سنورداره.

### ١-٤-١: جۆرەکانی ئەفسانە

پرسێکی تری لێکۆڵینەوەکانی ئەفسانە و ئەفسانەناسی پۆلێنی ئەفسانەیە، ئەگەر پێداچونەوەیەک بەسەرچاوەکانی بەردەستمان بکەین دەبینین کە لە ڕوانگەی جۆراوجۆرەوە پۆلێن بۆ ئەفسانە کراوە هەوڵدەدەین بەکورتی ڕوانگەکانی پۆلێنکردنەکان بخەینەڕو:

### ١-٤- ١-١: ڕوانگەی ناوەڕۆک

هەندێک لە توێژەران ناوەڕۆکی ئەفسانەکە دەکەنە بنەما بۆ پۆلێکردنی جۆرەکانی ئەفسانە و بەپێی ئەو ڕوداو و ناوەڕۆکەی کە ئەفسانەکە باسی دەکات و دەگێڕێتەوە ئەفسانەکە ناودەنێن و بەزۆری ئەم جۆرانە ناودەهێنن. (ابراهیم 1986، 27-68) ئەفسانەی کەونی، ئەفسانەی هۆدۆزی، ئەفسانەی شارستانی. زۆربەی نوسەرانی تر هەمان بنەما دەکەنە پێوەر بۆ دیاریکردنی جۆرەکانی ئەفسانە و هەندێکیان پۆلێنەکە وردتر دەکەنەوە و جۆری زیاتر دیاریدەکەن، وەکو: ئەفسانەی ئاینی، ئەفسانەی شیکاری، ئەفسانەی هێماکاری، ئەفسانەی هەسارەیی، ئەفسانەی گیانەوەران، ئەفسانەی پاڵەوانێتی، ئەفسانەی نەمریی، ئەفسانەی بەختەوەری... (بۆ زانیاری لەبارەی چەمک و پێناسەی و پۆلێنی هەریەک لەم جۆرانەی ئەفسانە، بڕوانە ئەم سەرچاوانە: (حەسەن 2020، 49-52)، (ئیسماعیل و سەعید 2023، 183-200) (ابراهیم 1986، 27-68) ئەوەی پەیوەندی بە زانینی هۆکارەکانی فرەزمانییەوە هەیە، تەنها لەڕێگەی ئەم پۆلێنەوە دەتوانین بگەینە ئەنجام.

بەپێی ئەو دەقانەی کە لەبەردەستی ئێمەدان ئەو ئەفسانانەی کە باسی جۆاوجۆری زمانی دەکەن دەچنە خانەی ئەفسانەی ئافراندن و خەڵقکردنەوە، چونکە کاتێک زەوی و مرۆڤ خەڵقکراون زمانیش وەکو یەکێک لە ئەفراندن و داهێنانەکان بە مرۆڤ بەخشراوە.

هەرچەندە بەلێکدانەوەی دەقەکان و شرۆڤەکردنی ئەفسانەکان دەشێ هەندێ جار یەک ئەفسانە لە دو پۆلی جیاواز دابنرێت. بەم پێیە ئەگەر خوێندنەوەیەکی دیکە بۆ ئەو ئەفسانانە بکەین، دەچێتە خانەی ئەفسانەی هۆدۆزی یان سرِدۆزی. بەوەی کە لەو دەقانەدا بەدوای هۆی فرەزمانیدا دەگەڕێت.

### ١-٤- ١- ٢: لە ڕوانگەی کاتەوە

مەبەست لەڕوانگەی کات پۆلێنێکە بۆ ئەفسانە کە تێیدا ئەفسانەکان بۆ سێ قۆناغی مێژویی دابەشدەکات بەجۆرێک ئەفسانەکان دەبن بە سێ جۆرەوە (ئەفسانەی ئاسمانی، واتە جیهانی پێش بونی مرۆڤ. ئەفسانەی زەمینی، واتە جیهان لەکاتی بونی مرۆڤ. ئەفسانەی بن دنیا، واتا جیهانی دوای بونی مرۆڤ.) (ف. خۆشناو 2013، 20)، ئەگەر تەماشای ئەم پۆلێنە بکەین دەبینین قۆناغەکانی بەپێی ڕەوتی گەشەکردنی ژیانی مرۆڤ داناوە، واتە پێش بون، بون، دوای بونی

مرۆڤ. لەهەریەک لەو قۆناغانەدا ئەفسانە هەبوە. یان بەواتایەکی تر ئەگەر دەقە ئەفسانەییەکان شیبکەینەوە ناوەڕۆکەکانیان ئەم سێ ڕەهەندەی بون لەخۆدەگرن.
ئەگەر لە ڕوانگەی ئەم پۆلێنەشەوە بڕوانینە ئەو دەقە ئەفسانەییانەی کە باسی فرەزمانی دەکەن، دەچنە خانەی ئەو جۆرە ئەفسانانەی کە ناویان لێنراوە ئەفسانەی زەمینی واتە پرس و مەسەلە فرەزمانی لەگەڵ ئەفراندنی مرۆڤ و دەستپێکردنی ژیانی مرۆڤەوە دەستپێکردوە.

**١-٥: گرینگی ئەفسانە وەک سەرچاوەیەک بۆ وەڵامی پرسیارەکانی مرۆڤ**

ئەو ئەرکەی ئەمرۆ زانست دەیبنێت بۆ وەڵامدانەوەی پرسیارەکانی مرۆڤ، ڕۆژانێک ئەفسانە بینیویەتی، تەنانەت ئەمرۆش لە هەندێ پرس و بابەتدا بەناچاریی پەنادەبرێتە بەر ئەفسانە. بەجۆرێک چۆن فەلسەفە بەدوای وەڵامی پرسیارەکاندا دەچێت، بە هەمان شێوە ئەفسانەش ئەم ڕۆڵە دەبینێت. (ئەفسانە یەکەم قۆناغی بیرکردنەوەی فەلسەفی ئەنوێنێ، ئەم قۆناغە فەلسەفییە سەرەتاییە، وەک قۆناغە فەلسەفییەکانی تر، لە ئەنجامی قوڵبونەوە لە دیاردەکانی کەون و پێوەندییان بە ژیانی مرۆڤ لەسەر ئەرز پەیدادەبێ. قوڵبونەوەش دەبێتە مایەی سەرسوڕمان و ئەمەش پرسیار دەهێنێتە کایەوە، ئەگەر پرسیاریش ڕاستبوەوە پێویستی بە وەڵام دەبێ، ئەو وەڵامەی دەرونی ئادەمیزاد هێمن بکاتەوە.) (ابراهیم 1986، 14)، بۆ ئەو پرسیارانەی کە فەلسەفە دەیانکات و بەدوای زانینەوە وێڵە، ئەفسانە دەبێتە وەڵامگۆیەکی ئەو چەشنە پرسیارە فەلسەفییانە.
لە ئەنجامی وەڵامەکانەوە مرۆڤ توانیویەتی مەعریفەی خۆی زیادبکات، وەک ئاشکرایە لە قۆناغەکانی سەرەتا و ئێستاش لە هەندێ پرس و مەسەلەدا سەرچاوەی ئەو وەڵامانە لە ناو ئەفسانەدان، بەجۆرێک دەوترێت (زۆرێک لەو پرسیارانەی فەلسەفە بەدوایاندا وێڵبوە، یان ئەو بابەتانەی ئێستا زانست لێیان دەکۆڵێتەوە، ئەفسانە پێش پەیدابونی نوسین ئەو کارەی بینیوە لەبەرئەوە ئەفسانە تەنها سەربردەیەکی کۆن نییە، بەڵکو هەڵگری زنجیرەیەک دەستور و ڕێسای زانستییە.) (مالینفسکی 1379، 47) ئەم پرسیارە هەر لە کۆنەوە لەبارەی بابەتی جۆراوجۆر بونە لەوانە زەوی چۆن دروستبوە؟ کێ دروستی کردوە؟ ... دەیان و سەدان پرسیاری تر. لەنێو ئەو سەدان پرسیارەشدا هەندێکیان بە زمانەوە پەیوەستبون، لەوانە: زمان چییە؟ مرۆڤ چۆن فێری زمان بوە؟ بۆچی ئەو هەمو زمانە هەن؟ بۆ وەڵامی ئەو پرسیارانەش لێکدانەوە و ڕێسای زانستییانەیان بەگوێری بیرکردنەوەکانی ئەو سەردەم قۆناغە بوە.
ئەوەی کە لەم بارەیەوە لە ئەفسانەکانی ئەفراندندا باس دەکات، ئەوەیە کە زمان لەگەڵ مرۆڤدا پەیدابوە، واتە زمان تایبەتە بە مرۆڤ وەک ئەوەی کە ئەمرۆ زانستی زمان وەک تایبەتمەندییەکی سەرەکی زمان ئاماژەی بۆ دەکات. بڕوانە: (فتاح 2011، 13) بەنمونە لە ئەفسانەی خەڵقی بابلیدا هاتوە:

**کاتێک کە نە ئاسمان هەبو**

**نە زەوی، نە بەرزایی، نە نزمایی، نە ناو،**

**کاتێک کە آپسو**

**ئاوی شیرین و یەکەمین بەرهەمدار**

**تەنها بو** (ساندرز 1389، 17)

ئەوەی لەم دەقەدا هاتوە، کاتێک مرۆڤ و ئاسمان و زەوی نەبوە زمانیش نەبوە، لێرەدا ئاماژە بە خودی وشەی زمان نەکراوە، بەڵکو ئاماژە بە (ناو) کراوە، واتە ناو نەبوە، چونکە شتەکان نەبون، بۆیە لەگەڵ بونی شتدا ناویش پەیدادەبێت، واتە زمان پەیدادەبێت. ئەم ئاماژەدانە بە زمان لە ڕێگەی وشەی (ناو)ەوە لە زۆر شوێنی تردا هاتوە بە نمونە خوای

گەورە لە قورئانی پیرۆزدا دەفەرموێت: (وَعَلَّمَ آدَمَ الْأَسْمَاءَ كُلَّهَا ثُمَّ عَرَضَهُمْ عَلَى الْمَلَائِكَةِ فَقَالَ أَنبِئُونِي بِأَسْمَاءِ هَٰؤُلَاءِ إِن كُنتُمْ صَادِقِينَ) (البقرة: 31)، ئەم ئایەتەش هەمان شت پشتڕاست دەکاتەوە کە لەگەڵ خەڵقی ئادەمدا خودای گەورە ناوەکانی فێرکردوە. لەگەڵ فێربونیدا مرۆڤ پەرەیسەندوە بوەتە کۆمەڵی جیاواز، بەوەش زمانەکەیان مۆرکی جیاوازی وەرگرتوە.

کەواتە ئاین و ئەفسانە و زانست بەدوای وەڵامی ئەو پرسیارانەدا دەچن، کە مرۆڤ دەیانکات، یان لە مێشکی مرۆڤدا دەوروژێن و پێویستیان بە بەدواداچون و لێکدانەوە هەیە، بەڵام هەریەکەیان بە ئاراستە و ڕێبازی خۆی.

**بەشی دوەم: شیکردنەوە و لێکدانەوەی دەقە ئاینی و ئەفسانەییەکان**

**٢-١: میتۆدنامە**

لەم بەشەدا هەوڵدەدەین بەشێوەی پراکتیکی لەڕوانگەی ئەو دەقانەی کە دەستمان کەوتون شیکردنەوە و لێکدانەوە بۆ فرەزمانی بکەین و بزانین هەریەک لەو دەقانە ئەم دیاردە چۆن لێکدەداتەوە. بەگشتی ئاماژە ئاینی و ئەفسانەییەکان بۆ ئەوەیە کە فرەزمانی سزایەک بێت، لەلایەن خوداوە بۆ مرۆڤ هاتبێت. یان بەخششێکە و دراوە بە مرۆڤ یان دیاردەیەکی سروشتییە. هەمو ئەوانە لە هەریەک لە دەقە ئاینی و ئەفسانەییەکان لێکدانەوەی جیاواز هەڵدەگرن، بەڵام ئەوەی کە ئاشکرایە هەمویان بەدوای وەڵامی یەک پرسیاردا دەچن.

**٢-١-١: کۆمەڵگە و نمونەی توێژینەوە**

کۆمەڵگەی توێژینەوەکەمان دەقە ئاینی و ئەفسانەییەکانە، چ ئەو دەقانەی بە زمانی کوردی بن، یان بەهەر زمانێکی تر. سەرئەنجام سێ دەق ئاینی و ئەفسانەیمان دەستکەوت کە ئەم پرسەیان وروژاندوە و بەدوای وەڵامی ئەو پرسیارەدا چون. بۆیە نمونەی توێژینەوەکەمان پێکدێت لەم سێ دەقەی کە لە پاشکۆی توێژینەوەکەدا هاتون.

**٢-١-٢: میتۆدی وەرگرتن و شیکردنەوەی داتا**

بۆ دەستکەوتنی دەقەکان میتۆدی ڕوپێویمان بەکارهێنا، بەوەی کە لە کتێبە ئاینییە ئاسمانییەکانی قورئانی پیرۆز و ئینجیل و تەورات ئەو دەقانەمان دەسکەوت، کە ئەم بابەتەیان باسکردوە. دوای ئەوەی کە زیاتر لە چل کتێبی ئەفسانەیی کۆکراوە و وەرگێڕداروەکانی "عەزیز گەردی"مان ڕوپێوکرد و هەروەها داوای هاوکاری ڕێنمونیمان لە پرۆگرامەکانی زیرەکیی دەستکرد کرد بۆ ئەوەی یارمەتیمان بدات لە دۆزینەوەی ئەو دەقانەدا. ئەوەی کە لەم گەڕان وکنە و پشکنینەدا بۆمان ڕونبویەوە، ئەوە بو کە ئەوەی لە کتێبە ئاینییەکاندا هاتوە، لە نێو ئەفسانەکانیشدا ڕەنگی داوەتەوە، یان بەواتایەکی تر هاوبەشییەکی زۆر لەنێوانیاندا دەبینرێت، واتە ئاین و ئەفسانە لە وەڵامدانەوەی ئەم پرسیارەدا زۆر لەیەکنزیکن. بۆ شیکردنەوەی دەقەکانیش پەنامان بۆ ڕێبازی "شیکردنەوەی ناوەڕۆک" بردوە.

**٢-١-٣: شێوازی شیکردنەوەی دەقەکان**

دوای ئەوەی کە دەقەکانمان بەپێی ڕێبازی "شیکردنەوەی ناوەڕۆک" شیکردنەوە، لەسەر بنەمای وەڵامی پرسیاری ئەوەی کە بۆچی فرەزمانی سەریهەڵداوە؟ دەقەکانمان پۆلێنکرد. بەگشتی گۆشەنیگای وەڵامەکان کراونەتە پێوەر بۆ لێکجیاکردنەوەی دەقەکان. دەشێ دەق تریش هەبێت، لەناو میللەت و گەلانی جیاجیا، کە ئێمە دەستمان پێڕانەگەیشتبێت، بۆیە لەو ڕوانگەیەوە بونی گۆشەنیگای تر بۆ لێکدانەوەی ئەم دیاردەیە ئەگەرێکی کراوەیە. بۆیە ئەو ئەنجامانەی کە ئێمە بەدەستیان دەهێنین لەسەر بنەمای ئەو دەقانەی بەردەستمان هەڵێنجراون.

**٢-٢: فرەزمانی وەک سزایەکی خودایی**

لە زۆرێک لەو شوێنانەی باسی جۆراوجۆریی زمانی دەکرێت، ڕاستەوخۆ ئاماژە بە چیرۆکی "بورجی بابل" دەکرێت ئەم چیرۆکە گێڕانەوەی جیاجیای هەیە، یان ئەوەتا دەتوانین بڵێین فۆرمی گێڕانەوەی جیاوازی هەیە. بەڵام بەدەوری یەک تەوەردا دەخولێنەوە، ئەویش ئەوەیە کاتێک مرۆڤەکان کۆبونەوە بۆ ئەوەی بورجێک دروست بکەن و بگەنە لای خودا. بەڵام خوای گەورە سزای دان، بەسزایەک کە زمانی شێواندن، بۆ ئەوەی کەسیان لەکەس تێنەگەن. ئەم چیرۆکە ئەفسانەییە لە کتێبە ئاسمانییەکانی وەکو تەوارات و ئینجیلیشدا هاتوە. ئێمە لێرەدا دەقی ئینجیلمان وەرگرتوە، (بڕوانە دەقی ژمارە ٢ لە پاشکۆی توێژینەوەکەدا) چونکە زۆربەی سەرچاوەکان لە ئینجیلەوە وەریانگرتوە. هەرچەندە لەوانەیە بگوترێت ئەمە دەقێکی ئاینییە، دروستە لە کتێبێکی ئاینی ئاسمانیدا هاتوە، بەڵام زۆر چیرۆک و دەقی تر هەن کە لە کتێبە ئاینییەکان و ئەفسانەکانیشدا هاتون، بەنمونە ئەفسانەی "تۆفانی سۆمەری" لە قورئان و دەقە ئەفسانەییەکانیشدا هاتوە.

گەیشتن بە خودا سەرکێشییەکانی مرۆڤ، زۆر جار سزایان بەدواداهاتوە. تەنانەت بۆ پێغەمبەرانیش، هەروەک ئەو چیرۆکەی حەزرەتی موسا کە لە قورئاندا باسکراوە. بڕوانە (قرآن الكريم: ألاعراف١٤٣). لە هەمبەر سزادانیش زۆرینەی میللەتان لە کاتی سەرپێچیی کردن و لەخۆبایبون سەرکێشییەکانی توشی سزایانە بونەتەوە. ئەم سزانە هەندێجار لەڕێگەی ڕوداوە سروشتییەکانەوە بوە، وەک لافاو، ڕەشەبا، برسێتی، ... ئەم ڕیشە مێژوییەی ڕوداوەکان زۆرجار لە ئاین و ئەفسانەدا لێکچونێکیان هەیە. هەندێجار زانست (شوێنەوارناسی)یش بونی ئەم جۆرە ڕوداوانە پشتڕاست دەکاتەوە. بە نمونە چیرۆکی لافاوی نوح نیشتنەوەی کەشتییەکەی لەسەر کێوی "جودی" لە باکوری کوردستاندا.بڕوانە ( Wilson 2014، 1-12))

لەم ڕوانگەیەوە ئەگەر سەرکێشییەکانی مرۆڤ نەبوایە، ئەم هەمو زمان و شێوە جیاوازانەی ئاخاوتن نەدەبون. بەجۆرێک کە وا دەگەیەنێت کە ئەوکات هەمو مرۆڤایەتی بەیەک شێوە قسەی کردوە. ئەمەش تەبا وکۆک نییە، لەگەڵ هەندێک لە بنەما زانستییەکانی زمان و تەنانەت هەندێ بنەمای دەقی ئاینی بەتایبەتی کە لە قورئاندا هاتوە: (وَمِنْ آيَاتِهِ خَلْقُ السَّمَاوَاتِ وَالْأَرْضِ وَاخْتِلَافُ أَلْسِنَتِكُمْ وَأَلْوَانِكُمْ ۚ إِنَّ فِي ذَٰلِكَ لَآيَاتٍ لِّلْعَالِمِينَ) (القران الكريم: سورة الروم: 22)، بەمپێیە فرەزمانی و جیاوازی ڕەنگ یەکێکە لە نیشانە و دەستەڵاتەکانی خوای گەورە لە دروستکردنی ئاسمانەکان و زەوی. نەک سزای خودایی بۆ بەندەکانی، بەڵام ئەم لێکدانەوەیە بەرئەنجامی بیرکردنەوەی مرۆڤی ئەو سەردەمە بوە و لە هەمان کاتدا لە کتێبە ئاسمانییەکانیشدا ئاماژە بە ڕوداو و چیرۆکەکە کراوە. لە ڕوی شوێنەوارناسیشەوە باس لە پاشماوی ئەم بورجە کراوە.

چیرۆکی "بورجی بابل" لە کتێبەکانی ئەفسانەدا لەگەڵ چیرۆکەکانی ئەفراندن باسکراون، بەم پێیەش بێت، ئەفسانەکە دەچێتە خانەی ئەفسانەکانی ئەفراندن. (بۆ ئەم مەبەستە بڕوانە: (ساندرز 1389، 13-131)، (السواح 2021، 61-69)، بەجۆرێک چۆن زەوی و ئاسمان و مرۆڤ و ئەفرێنراون بەهەمان شێوەش زمان و تەنانەت جۆراوجۆرییەکەی ئەفرێنراوە. بۆیە دەکرێت ئەم دیاردە وەک دیاردەیەکی سروشتی لێکدانەوەی بۆ بکەین، بەگوێرەی ئەم دەقەش دیاردە سروشتییەکە بەرئەنجامی ڕوداوێک بوە، کە خودی ڕوداوەکە وەک سزایەک بەسەر مرۆڤدا هاتوە و لەو پێناوەشدا باجی لێکتنەگەیشتنی داوە.

### ٢-٣: فرەیی وەک بەرئەنجامی یەکزمانی

ئەوەی کە لێرەدا مەبەستە ئەوەیە کە زمان بەخشراو و خەڵاتێکی خوایە بۆ مرۆڤ، ئەم بۆچونە لە کتێبە ئاسمانییەکان و تەنانەت هەندێک لە ئەفسانەکانیش ئەوەیان باسکردوە کە (لە چیرۆکی سۆمەرییەکاندا هاتوە کە زمان و قسەکردن

بە پێدراوێکی یەزدانیی هەژماردەکرێن. وشەکان خەڵاتی خوداکانن و پیرۆزن، چونکە بە ناونانی هەر شێک ئەو شتە دەکەوێتە بەرهەست، لە داستان و ئەفسانەکاندا هاتوە کە (مردوک) لە نێو خودایاندا بۆ ئەوەی توانای خۆی پیشان بدات شتەکانی ناودەنا و ئەوانیش ئاشکرا دەبون.) (آموزگار 1399، 408-409)، تەنانەت ئەمڕۆ لێکۆڵینەوە زمانناسییەکانیش پشتڕاستی ئەوە دەکەنەوە کە زمان تایبەتە بەمرۆڤ و ئەو توانایە تەنها بەمرۆڤ دراوە. هەر ئەوەش وای کردوە کە هەندێجار بەرەو پیرۆزیی و گەورەیی ببردرێت، چونکە بە پێدراو و دیاریی یەزدانی تەماشاکراوە. لایان وابوە وشەکان پیرۆزن، چونکە خەڵاتی خوداکانن. ئەوان پێیان وابوە شتەکان هەمویان لەگەڵ ناونانیان دەردەکەون.
ئەم بیروباوەڕە لەوە سەرچاوەی گرتوە کە شتەکان لەلایەن خوداکانەوە ناونراون، بۆیە ناوەکانیان بە پیرۆز تەماشاکردوە. بەڵام ئەم ناوانە لای هەمو کەسێک وەکو یەک نەبونە و زمان بەرەو فرەیی چوە. بیریان لەوە کردوەتەوە کە ڕێگری لەو فرەییە بکەن، چونکە وشەکان و ناوەکان بەگشتی پیرۆزن و پێویستە بەنەگۆڕیی بمێننەوە، نابێت دەسکاری خەڵاتی خودا بکرێت.
گێڕانەوەیەکی تری ئەفسانەی "بورجی بابل" هەیە (بڕوانە دەقی ٢ لە پاشکۆی ئەم توێژینەوەیە) کە بۆ ئەم مەبەستە هەوڵێکی مرۆڤ دەگێڕێتەوە. بەجۆرێک دوای ئەوەی کە مرۆڤ هەستی کرد وردە وردە خەڵاتی خوداوەندەکان دەگۆڕێت و تێکدەدات. بیریان لەوە کردەوە کە ئەو جیاوازییە زمانییەی کە هەیە نەیهێڵن. بیریان لەوە کردەوە بورجێک دروست بکەن و هەمو خەڵکی تێدا نیشتەجێ بکەن بۆ ئەوەی هەمویان بە یەک زمان قسەبکەن و ئەو خەڵاتەی کە خوداکان بەمرۆڤی داوە بیپارێزن. دەستییان کرد بە دروستکردنی بورجەکە لە سەرتاسەری دونیا خەڵکیان بانگکرد کە بە زمانی جیاواز قسەیان دەکرد. بەڵام دوای ئەوەی کە بورجەکە تەواوبو نەبوە هۆی ئەوەی کە زمانێکی هاوبەش لە نێوانیاندا دروست بێت، هەریەکەیان بە زمانی خۆی قسەی دەکرد. بۆیە هەریەکەیان گەڕانەوە شوێنی خۆیان و فرەزمانی بەردەوام بو.
ئەم گێڕانەوەیە بەو ئاراستەیەیە کە گرفتی فرەزمانی چارەسەر بکات، هەرچەندە مرۆڤ زۆر لە مێژە هەوڵی ئەوە دەدات کە زمانێکی هاوبەش لە نێوان خۆیاندا دروستبکەن و هەمویان پێی بئاخفن کە پێی دەوترێت زمانی دەستکرد، بەنمونە زمانی ئیسپراتۆ، بڕوانە: (ژانتون 1376)، بەڵام ئەم هەوڵانە زۆر سەرکەوتنیان بەدەست نەهێناوە. بەواتایەکی تر نەتوانراوە ڕێگری لە فرەزمانی بکرێت، چ لەڕێگەی بەپیرۆزکردن و بەپیرۆزدانانی زمان یان ڕێگەی دۆزینەوە و داهێنانی زمانێکی دەستکردی هاوبەش لەنێو ئەو هەمو جۆرە زمانەی کە هەن. کەواتە بە هەردو ئاڕاستەی زانستی و ئاراستەی ئەفسانەیی بیر لەو پرس و مەسەلەیە کراوەتەوە.
خاڵێکی تر کە لە لێکدانەوەی ئەو دەقەوە هەڵدەهێنجرێت، ئەوەیە کە دەشێ ڕوداوی دروستکردنی "بورجی بابل" لەلایەن میللەت و گەلان و قۆناغە جیاجیاکانی مێژوی خوێندنەوە و هەڵێنجانی جیاوازی بۆ بکرێت. بەجۆرێک هەندێکیان فرەزمانی وەک سزایەک دەبینین. بەڵام هەندێکی تریان ئەم ڕوداوە بۆ یەکخستنی فرەزمانی دەبینن. لە هەردو باریشدا ڕوداوەکە هەمان ڕوداوە، بەڵام لە نێو گێڕانەوەکاندا بە شێوەی جیاواز و بە مەبەستی جیاواز گێڕدراونەتەوە. بۆیە دەکرێت خوێندنەوە و لێکدانەوەی جیاواز بۆ هەر دەقێکی ئەفسانەیی بکەین.

### ٢-٤: فرەزمانی وەک ویستێکی خودایی

بەگەڕان بەنێو ئەفسانەکاندا لێکدانەوەیەکی تر بۆ دیاردەی فرەزمانی دەدۆزینەوە. بەوەی کە ئەم پرسە ویستێکی خودایی بوە. کە مرۆڤی بە گروپ و کۆمەڵەی جیاواز و زمانی جیاواز دروستکردوە. بۆ ئەمەش زمانی جیاوازی پێداون، وەک لە

دەقە ئاسمانییەکانیشدا جەخت لەسەر ئەمە کراوەتەوە لە ئەفسانەکانیشدا گێڕانەوەی لەو جۆرە دەبینین. (بۆ ئەم مەبەستە بڕوانەی دەقی ئەفسانەی ژمارە ٣ لە پاشکۆی ئەم توێژینەوەیەدا).

ئەوەی لەم دەقە دەخوێندرێتەوە ئەوەیە کە فرەیی و ژمارەی زمانەکان بەگوێرەی ڕوبەری جوگرافی گۆی زەوی بەیەکسانی و وەک یەک دابەشنەبون، لەهەندێ شوێندا چڕیی زمانی زیاترە بەبەراورد بەهەندێ شوێنی تر. ئەمەش لەڕوی جوگرافیای زمانەوە دروستە. تەنانەت ژمارەی زمانەکان لە هەندێ شوێن زۆرن و لە هەندێ شوێن کەمترن. ئەم هەمەچەشنەییە نەبۆتە ڕێگری لەبەردەم تێگەیشتن و پەیوەندی لە نێوان مرۆڤەکاندا.

هۆکاری ئەو نایەکسانی دابەشبونەی زمان بەگوێرەی ئەم دەقە ئەفسانەییە دەگەڕێتەوە بۆ هۆکاری سروشتی، چونکە نێردەی خودا بەهۆکاری سەختی ناوچەکە و کەش و هەوا نەیتوانیوە بەتەواوی بگەڕێت و زمانەکان بە یەکسانی و هاوسەنگی دابەشبکات. ئەمەش لە زانستی زمانی جوگرافیدا پشتڕاستکراوەتەوە کە هۆکارە جوگرافییەکان کاریگەریان لەسەر زمان هەیە. (شوێنی جوگرافی سروشتی کۆمەڵگە و ژینگەکەی و باری سروشتی ئەو زەوییەی کە کۆمەڵەکە لەسەری دەژی کاریگەرییەکی ڕون و ئاشکرایان لەسەر فەرهەنگ و زمانی ڕۆژانە هەیە.) (ش. خۆشناو 2012، 89)، بەڵام لەبەرئەوەی لەو قۆناغەدا مرۆڤ پەی بە هۆکارە زانستییەکە نەبردوە لێکدانەوەیەکی ئەفسانەیانەی لە شێوەی چیرۆک و حیکایەت بۆ کردوە.

ئاراستەیەکی تری فرەزمانی هۆکارەکەی لەم دەقەدا دراوەتە پاڵ کەمتوانایی و سنورداری توانای نێردەی خودا، کە لەبەر سنورداری تواناکەی و کەش و هەوا، واتە بارە سروشتییەکە هەمو زمانەکانی لەیەک شوێندا هەڵڕشتون. بەلێکدانەوەی ئەوەی کە زمانە گەورەکان زوتر دابەشکراون و بەنمونەی زمانەکانی چینی و عەرەبی، فەرەنسی... هتد. دواتر زمانە وردەکان ماونەتەوە و ئەوانیش لە ناوچەی "داغستان" هەڵڕێژراون.

تێڕوانینی خەڵکی ناوچەکە بۆ بونی ئەو هەمو زمانە لەو ناوچەیەدا بەم چیرۆکە ئەفسانەییە لێکدراوەتەوە، کە هۆکارەکەی دراوەتە پاڵ ویستێکی خودایی و هۆکاری سروشتی. ئەم دو هۆکارەش لە زانست و ئایندا وەک هۆکاری دروستبونی هەمەچەشنەیی زمان باسیان لێوەکراوە. لایەنێکی تری ئەم ئەفسانەیە ئەوەیە کە دیسان مرۆڤ توانای ناونانی پێدراوە، بەوەی کە بتوانێت ناو لەشتەکانی دەوروبەری بنێت، بەڵام ئەم ناونانە وەک توانست لای هەمو مرۆڤێک هەبوە، بەڵام وەک چالاکی هەریەکەو بە چەشنێک یان بەفۆڕمێکی زمانی ناوی شتەکەی گۆکردوە، هەروەک ئەوەی کە ئەمڕۆ زمانەوانیی نوێ و بەتایبەتی "چۆمسکی" ئەم دو چەمکەی هێنایە ناو زمانەوانی (بڕوانە: (مهند 1393، 123 و 285). وەکو نمونە (چیا) کە هەریەکەیان بەشێوەیەک گۆیکردوە، بەڵام ئەوەی کە تواناکە لای هەمویان هەبوە ئەویش توانای ناونانەکەیە.

لە کۆتاییدا گێڕەرەوە هەم سکاڵا و هەم سوپاسی نێردەی خودا دەکات بەوەی کە پێی بەخشیون لەو هەمو زمانە جۆراوجۆرە بەوەی کە بونی ئەو هەمو زمانە بۆتە هۆی ئەوەی ئەوانەی کە بەدڵ و گیان یەکن، بەڵام بەو هۆکارە لێکتێناگەن و بوەتە هۆی گرفت لە نێوانیاندا، بەڵام لەبەرئەوەی ئەم دیاردەیە سروشتێکی خودایی و بڕیارێکی خودایییە بەوەی کە بەو جۆرە زمانەکان دابەش ببن، سوپاسی خودا دەکات کە ئەو خەڵاتەی پێبەخشیون و هیچ زمانێک لە هیچ زمانێک باشتر نییە، جیاوازییەکەش نابێتە هۆی لێکدابڕانیان بەڵکو دەبێتە هۆی یەکخستنیان، ئەمەش نیشانەی ترسە لە پەرتەوازەی و لێکدورکەوتنەوە.

**ئەنجام**

لەکۆتایی ئەم توێژینەوەیە و لە ئەنجامی لێکدانەوەی دەقەکانی نمونەی توێژینەوە دەگەینە ئەو ئەنجامانەی خوارەوە:

١- فرەزمانی پرسێکی زانستی و ئاینی و ئەفسانییە، کە هەریەک لەوانە بەگوێرەی تێڕوانین و گۆشەنیگای خۆی لێکدانەوەیان بۆ ئەو مەسەلەیە کردوە. لەو نێوەشدا ئاین و ئەفسانە بوەتە سەرچاوەیەکی گرنگ بۆ وەڵامدانەوەی پرسیاری "بۆچی زمانەکان فرەن؟"

٢- لێکدانەوەی ئەفسانەیی بۆ فرەزمانی زۆرجار هاوتای دەقە ئاینییەکان، یان لە بیروباوەڕو بیرکردنەوەی ئاینییەوە سەرچاوەی گرتوە. تەنانەت دەقە ئەفسانەییەکان لەگەڵ دەق ئاینییەکان لێکچونێکی زۆریان هەیە.

٣- زۆرجار لێکدانەوە ئەفسانەییەکان بۆ ئەم پرسە، لەگەڵ بنەما زانستییەکانیش یەکانگیردەبن، بەو واتایەی کە ئەم دو بوارە واتە ئەفسانە و زمانناسی بۆچونەکانیان تاڕادەیەک لەیەکترییەوە نزیکن و یەک ئەنجام بەدەستەوە دەدەن.

٤- فرەزمانی لەناو دەقە ئەفسانەییەکاندا وەک سزایەکی خودایی، بەرچاوترین لێکدانەوەیە. بەو واتایەی کە لەئەنجامی سەرکێشی و سەرپێچییەکانی مرۆڤ بەرامبەر بەخودا، ئەم سزایەی مرۆڤی داوە، بەوەی کە لەیەکتری تێنەگەن. هەرچەندە لە نێو دەقە ئاینییەکاندا زمان بە خەڵاتێک و نیشانەیەکی توانا و هێزی خودایی دانراوە.

٥- لێکدانەوەیەکی تر بۆ فرەزمانی، لەنێو دەقە ئاینی و ئەفسانەییەکاندا، دەدرێتە پاڵ بونی تاکزمانی و گەشەکردنی زمانی بەوەی کە مرۆڤ هەمیشە هەوڵیداوە ئەو زمانە جیاوازانە یەکبخات، لەپێناوەشدا هەوڵی زۆری داوە، بەشێک لە هەوڵەکان وەک چیرۆکی ئەفسانەیی بەسەر زمانان ماونەتەوە و سنوری میللەتانیان بڕیوە.

٦- هۆکارە سروشتییەکان و ویستی خودایی لەنێو هەندێ ئەفسانەی ڕۆژهەڵاتیدا وەک هۆکاری فرەزمانی خراونەتەڕو. بەوەی کە خودا زمانەکانی بەسەر میللەت و گەلاندا دابەشکردوە، بەڵام نێردەکەی لەبەر سنورداری تواناکەی و هۆکارە سروشتییەکان نەیتوانیوە بە شێوەیەکی یەکسان و هاوسەنگ زمانەکان بەسەر گۆی زەویدا دابەشبکات.

٧- ئەو دەقانەی کە باسی فرەزمانی دەکەن، دەچنە خانەی ئەفسانەی ئەفراندنەوە، بۆیە دەشێ بڵێین کە زمان بەشێکە لە ئەفراندن، دوای ئەوەی کە زەوی و ئاسمانەکان و مرۆڤ ئەفرێنراون، پێویست بوە کە زمانیش وەک هۆکارێکی پەیوەندیکردنیان بئافرێنرێت.

## سەرچاوەکان


*القران الکریم:*

بە زمانی کوردی

خۆشناو, شیروان حسین. 2020. *زمان و سیاسەت*. چاپی یەکەم. ڕانیە: بەڕێوبەرایەتی ڕۆشنبیری و هونەری ڕاپەڕین.

خۆشناو، شیروان حسین. 2012. "دیالێکتی جوگرافی."*گۆڤاری گزنگ* (یەکیەتی نوسەرانی کورد لقی کەرکوك) ژمارە ٩٤.

ڕزگار عبدالله احمد. 2024. *خوێندنەوەی ڕەخنەیی ئەفسانەناسی لە ئەدەبی کوردیدا*. سۆران: نامەی دکتۆرا، فاکەڵتی ئاداب، زانکۆی سۆران.

ڕەسوڵ هەمزەتۆڤ. 1985. *داغستانی من، کتێبی دوەم*. ترجمة وەرگێڕانی: عەزیز گەردی. بەغدا: چاپخانەی الحوادث.

زوبیر عەلی عارف. 2012. *ئیدیەم لە شێوازاری هەورامیدا*. نامەی ماستەر، سلێمانی: زانکۆی سلێمانی.

شالاو سالح حمەغەریب، و یوسف شەریف سەعید. 2017. "جۆراوجۆری زمانی لە کۆمەڵگەی کوردیدا."*گۆڤارا زانستێن مرۆڤایەتی یا زانکۆیا زاخۆ* (زانکۆیا زاخۆ) 5 (2).

شڤان جرجیس عبدالرحمن. 2013. *ئەرک و ڕەگەزێن ئەفسانێ د چوار ڕۆمانێن دەڤەرا بەهدینانیدا*. دهۆك: چاپخانەیا پارێزگەها دهۆک.

عەبدولڕەحمان, عمر ئەحمەد. 2023. "جۆراوجۆری زمانی لە ڕۆمانی (حیکایەتەکانی باوکم)ی فەرهاد پیربالدا." ***گۆڤاری ئەکادیمیای کوردی*** 55.

فراس السواح. 2021. *سەرکێشی یەکەمی ئەقڵ، لێکۆڵینەوەیەک لە ئەفسانە، سوریا و میسۆپۆتامیا*. ترجمة وەگێڕانی: د. نەوزاد ئەحمەد ئەسوەد. سلێمانی: دەزگای ڕۆشنبیریی جەمال عیرفان.

فیراس ئەلسەواح. 2022. *ئەفسانە و مانا، لێکۆڵینەوە لە میتۆلۆژیا و ئاینەکانی ڕۆژهەڵات*. ترجمة وەرگێڕانی لە عەرەبییەوە: سەلاح حەسەن پاڵەوان. سلێمانی: دەزگای ڕۆشنبیریی جەمال عیرفان.

فەرهاد عزیز خۆشناو. 2013. *ئەفراندن و مردن لە ئەفسانەی کوردیدا بەپێی ئاڤێستا و دەقە پەهلەوییەکان*. هەولێر: چاپخانەی حاجی هاشم.

*کتێبی پیرۆز (کوردی سۆرانی ستاندەر)*. (2017) چاپی یەکەم. کۆریا: کۆمەڵەی نێودەوڵەتی کتێبی پیرۆز.

محمد معروف فتاح. 2011. *زمانەوانی*. چاپی سێیەم. هەولێر: ئەکادیمیای کوردی، چاپخانەی حاجی هاشم.

مەولود ئیبراهیم حەسەن. 2020. *گەڕان بەدوای نەمریدا*. چاپی یەکەم. سلێمانی: دەزگای چاپی ماڵی سوهرەوەدی.

نبیلة ابراهیم. 1986. *ئەفسانە*. ترجمة وەرگێڕانی محمەد بەدری. بەغدا: دەزگای ڕۆشنبیری و بڵاوکردنەوەی کوردی، زنجیرەی ژمارە (١٤٢).

نعمە قەرەنی ئیسماعیل، و نەوزاد وەقاس سەعید. 2023. "مەزراندنی جۆرەکانی ئەفسانە لە ڕۆمانی کوردیدا، (کۆچرەو کۆچرەو)ی عەبدوڵلا سەراج بە نمونە."*گۆڤاری ئەکادیمیای کوردی* 55.

یوسف شەریف سەعید. 2011. *زمانەوانی*. چاپی یەکەم. تحریر کۆکردنەوەی نەریمان خۆشناو. هەولێر: چاپخانەی ڕۆژهەڵات، لەبڵاوکراوەکانی ڕێکخراوی زماننناسی ژمارە (٥).

**بەزمانی فارسی**

آدریان اکمجیان، ریچارد ای دمرز، آن ک فارمر، و رابرت ام هارنیش. 1382. *زبانشناسی در آمدی بر زبان و ارتباط*. ویرایست چهارم، چاپ اول. ترجمة ترجمه: علی بهرامی. تهران: رهنما.

برافیسلاو مالینفسکی. 1379. *اسطورەهای اقوام ابتدایی*. ترجمة رجمه: اصغر عسکری خانقاه. تهران: مرکز تحقیقات علوم اسلامی.

پیر ژانتون. 1376. *زبان جیهانی: تاریخچه، و زبانشناسی تطبیقی اسپرانتو*. چاپ اول. ترجمة ترجمه: محمدجواد کمالی. تهران: عطائی.

*تورات کامل:( بلا تاریخ.) پیدایش، مساقی, تعلیق و ویرایش سید ابوالفضل.*

جورج یول. 1388. *نگاهی به زبان (یک بررسی زبان شناختی)*. چاپ هشتم. ترجمة ترجمه: نسرین حیدری. تهران: سمت.

دیوید کریستال. 1401. مرگ *زبان*. ترجمة مترجم روزبهان یزدانی. تهران: نشر ماهی.

ژاله آموزگار. 1399. *زبان، فرهنگ اسطوره (مجموعه مقالات)*. چاپ ششم. تهران: انتشارات معین.

سپیده عبدالکریمی. 1400. *فرهنگ توصیفی زبانشناسی شناختی*. چاپ سوم. تهران: انشارات علمی.
کامبیز محمودزاده. 1383. "تغییرات اجتماعی و تاثیر آنها بر زبان و ترجمه." *مجله متن پژوهشی ادبی شماره ۱۰۰* (دانشگاه علامه طباطبایی).
کامبیز محمودزاده، 1396. *فرهنگ زبانشناسی کاربردی*. تحریر چاپ اول. تهران: نشر علمی.
لارنس تراسک. 1380. *مقدمات زبان شناسی*. چاپ اول. ترجمة ترجمه فریار اخلاقی. تهران: انشارات نی.
محمد راسخ مهند. 1393. *رهنگ توصیفی نحو، به همکاری: مژگان معین، مسعود محمدی راد*. چاپ اول. تهران: نشر علمی.
نغزگوی کهن، مهرداد. 1394. *فرهنگ توصیفی زبانشناسی تاریخی*. چاپ دوم. تحریر بەهمکاری شادی داوری. تهران: چاپ علمی.
میشل مالرب. 1386. *زبانهای مردم جیهان*. چاپ دوم. ترجمة رجمه: عفت ملانظر. تهران: شرکت انشارات علمی و فرهنگی.
ن. ک. ساندرز. 1389. *بهشت و دوزخ در اساطیر بین النهرین*. چاپ چهارم. ترجمة ترجمه دکتر ابوالقاسم اسماعیل پور. تهران: نشر قطره.

**بەزمانی عەرەبی**

رشيد عبدالرحمن العبيدي، 2002، مباحث في علم اللغة و اللسانيات، الطبعة الاولى، دار الشؤون الثقافة العامه، بغداد.

**بەزمانی ئینگلیزی**

Mark Wilson." .2014 NOAH, THE ARK, AND THE FLOOD IN." *Scriptura*.12-1

## پاشکۆ

## نمونەی دەقی ژمارە (١)

(بورجی بابل)ی ڕاستەقینە

بورجی بابیلون کە لە ڕوانگەی زیادکردنی ئاڵۆزی و سەرلێشێواوی زمانەکان بە زاراوەی (بورجی بابل) ناودەبرێت، بەدڵنیاییەوە و بە واتای ڕاستەقینە وشەکە سەرچاوەی کێشەی بێشومار بوە.

وەک چۆن ئەم بورجە هێمای لەخۆبایبونی مرۆڤە کە دەیەویست تەنها بە بەدەست و بازوی خۆی بە ئاسمان بگات، نیشانەی بێ توانایشیەتی لە یەکخستنی زمانەکانی هەمو مرۆڤایەتی.

دروستکردنی ئەم تەلارە مەزنە پێویستی بە ژمارەیەکی زۆری کرێکار هەبوە، کە دەبو لە دورترین شوێنی جیهانەوە بانگ بکرێن. هەر میللەتێک خاوەنی زمان و توانا و لێهاتویی هونەری تایبەت بەخۆی بوە. بەو شێوەیەی کە بۆ نمونە لە ئەمریکا زۆرینەی ئەسکەلەسازان باڵەخانەیەک لە سورپێستەکان پێکدەهێنن، بۆیە کەمتر توشی سەرسوڕان و تێکچونی هاوسەنگی دەبن. سەرپەرشتیارانی گروپەکان کە تا ئەو ڕادەیە جۆراوجۆر بون کە گرفتگەلێکی دروست کرد کە هیچ کاتێک لەناوناچن.

لە دوای تەواوبونی کار، تێکەڵاوبونی میللەتان بەرجەستەنەبو. زمانی هاوبەش بەدینەهات. هەمویان بەهەستی بێزارییەوە، کە مێژو بۆمانی گێڕاوەتەوە، بۆ وڵاتی خۆیان گەڕانەوە (مالرب 1386، 3).

**نمونەی دەقی ژمارە (٢)**

قوللەی بابل

هەمو جیهان یەک زمان و یەک جۆر قسەکردنیان هەبو. ئینجا کاتێک بۆ ڕۆژهەڵات کۆچیان کرد، دەشتاییەکیان لە خاکی شینعار (واتە بابل) دۆزییەوە و لەوێ نیشتەجێبون.

ئینجا بەیەکترییان گوت: (وەرن با خشت دروستبکەین و تەواو سوری بکەینەوە.) ئیتر لە جیاتی بەرد خشتیان بەکارهێنا، قیریش لە جیاتی قوڕ. هەروەها گوتیان: (وەرن با شارێک بۆ خۆمان دروستبکەین لەگەڵ قوللەیەک کە سەری لە ئاسمان بدات. ناوێکیش بۆ خۆمان دروستدەکەین، تاکو بەسەر هەمو ڕوی زەویدا پەرت نەبین.)

بەڵام یەزدان بۆ بینینی ئەو شار و قوللەیەی کە ئادەمیزاد دروستی دەکرد هاتە خوارەوە. یەزدان فەرموی: (ئەگەر هەمویان یەک گەل و یەک زمان بن، ئەوە سەرەتای دەستپێکردنیانە، هیچ شتێک لەلایان مەحاڵ نابێت، لەوەی مەبەستیانە بیکەن. وەرن با بچینە خوارەوە و لەوێ زمانیان بشێوێنین، بۆ ئەوەی کەسیان لە زمانی ئەوی دیکەیان نەگات.)

ئینجا یەزدان لەوێوە بەسەر هەمو زەویدا پەرتی کردن. ئیتر وازیان لە بنیادنانی شارەکە هێنا. لەبەر ئەمە ناونرا بابل (بابل لە وشەی شێواندن لە زمانی عیبری نزیکە)، چونکە لەوێدا یەزدان زمانی هەمو زەوی شێواند. هەر لەوێشەوە یەزدان بەسەر هەمو ڕوی زەویدا پەرتی کردن.) (کتێبی پیرۆز (کوردی سۆرانی ستاندەر) 2017، 12)

**نمونەی دەقی ژمارە (٣)**

ڕەسوڵی حەمزەتۆڤ لە کتێبی داغستانی من لەبابەتی زمان و فرەزمانی لە "داغستان" ئەم چیرۆکە ئەفسانەییە دەگێڕێتەوە: "قاسیدی خوا بە سواری ئێستر کەوتە ناو ئەم دونیایە، فەردەیەکی گەورەی پڕ زمانی پێ بو هەر نەتەوەیەک و زمانێکی پێ بەخشی. چوە چین و زمانی چینی پێ بەخشین. چوە عارەبستان و زمانی عەرەبی پێ بەخشین. زمانی گریکی بە گریکەکان بەخشی، ڕوسی بە ڕوسان و فەرەنگی بە گەلی فەرەنگ بەخشی. زمانەکان جیابون. هەندێ زمان ناسک بون و هەندێکی تر ڕەق. هەندێ زمان تەڕو پاراو بون و هەندێکی تر وشک و برینگ. خەڵک هەوەسیان بەم دیاریە هات و یەکسەر بە زمانی ئادەمانە کەوتنە گفتوگۆ. هەر کەسە بە زمانی تایبەتی خۆی. وای لێ هات بەخێرا زمان خەڵک باشتر تێکبگەن و هەر گەلە و باشتر لە گەلەکانی دراوسێی بگات.

بەم جۆرە قاسید بەسواری ئێستر هاتە داغستان، تازە زمانی بە جۆرجییەکان بەخشی بو کە پاشان (شۆتا ڕوستاڤێلی) داستانە بەناوبانگەکەی پێ نوسی بو. هەروەها تازە زمانی بە ئۆسێتەکان بەخشی بو کە (کۆستا خێتاگۆرۆڤ) پێی نوسیوە. ئینجا بو بە نۆرەی ئێمە.

بەرێکەوت ئەو ڕۆژە زریان بو لە چیاکان. بەفر لە دۆڵان تێک دەئاڵا و هەڵدەکشایە ئاسمان. چاو چاوی نەدەدی. نەرێ دیاربو نە ئاوەدانی. تەنیا لورەی (با) لە تاریکی دەهات. ڕنگەی گلۆربونەوەی بەردان دەهات. قاسیدی خوا، کە سمێڵی بەست بوی، گوتی: (نەخێر بەسەر ئەو شاخانە ناکەوم، بەتایبەتی لەم ڕۆژە توش و سەختەدا.) فەردەکەی کردەوە و ئەو مشتە زمانەی تێیدا مابو بەسەر چیاکانی وەرکرد و گوتی: (هەر کەسە چ زمانێکی دەوێ با بۆ خۆی ببا.) ئیدی گەڕایەوە بارەگای خوا.

(با) زمانەکانی هەڵگرت و بەناو شاخ و گەلیانی وەرکردن. لەوکاتەدا هەمو داغستانییەکان لە ماڵەوە دەرپەڕین بەڕاکردن و پاڵدان چون ئەو بارانە زێڕینە بگرنەوە کە هەزار ساڵ بو چاوەڕێیان دەکرد. دانەی گرانبەهایان هەڵگرت و کۆیان کردەوە.

هەر کەسە چی کەوتە بەردەست بردی. بەم جۆرە هەر کەسە بو بەخاوەنی زمانی زگماکی خۆی. ئینجا هەمو ڕایانکردەوە ماڵێ و چاوەڕێ بون تا زریان بڕایەوە.

بۆ بەیانی دونیا خۆش بو ڕۆژ بەدەرەوە بو، دەتگوت زریان و ڕەهێڵە هەر نەبوە. تەماشای چیایان کرد ناوی – چیا!! هەبو. دەیانتوانی ناوی شت بنێن. دەریا ناوی هەبو. هەر شتێکی بینیان ناوی خۆی هەبو. سەیرە! نان، دایک، زنج، ئاگردان، کوڕ، دراوسێ، گەل.... ناویان هەبو.

هەمو دەرپەڕینە کۆڵان و هاواریان کرد: چیا!! بەڵام هەر یەکە جۆرە دەنگێکی دایەوە. هاواریان کرد: دەریا!! دیسان هەریەکە جۆرە دەنگێکی دایەوە. لەو کاتەوە ئاڤار، لیزجیان، دارچین، کومیک، تات، لەک .... پەیدابون. بەڵام هێشتا هەمو پێکەوە پێیان دەگوترا داغستان. بنیادەم لە مەڕ و گورگ و ئەسپ و کلۆ دابڕا..... دەڵێن ئەگەر زمانێک بمابایەوە بۆ ئەسپ ئەویش دەبو بە بنیادەم.

بەڵام ئەی قاسیدی خوا! تۆ بۆچی لە زریان و شاخەکانمان سڵەمیتەوە؟ بۆچی کوێرانە زمانەکانی ئێمەت بڵاوکردەوە؟ وای چ کوکەیەکت نایەوە! ئەو گەلەی کە بەگیان و دڵ و شێوە و دەستور و جۆری ژیان هێندە لەیەک نزیکن ئەو زمانە جودایانە لێکی کردون!

لەگەڵ ئەمەشدا، بەجێیە، سوپاست دەکەین بۆ ئەوەی کە هەیە. هیچ زمانێک لە زمانێکی تر خراپتر یان باشتر نییە. ئەوەی تریش خۆمان پێکی دێنین. خۆمان ڕێگای بەیەک گەیشتنی خۆمان دەدۆزینەوە و دەزانین زمانی جودا لێکمان جودا ناکاتەوە، بگرە یەکمان دەخا" (هەمزەتۆڤ 1985، 149-151).